کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 22:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عوسمان جەعفەری – سکرتێری یەکێتی دیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) : هێزو حیزبە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەڕووداوەکان بەجێماون ... دیمانە: ستیڤان شەمزینانی

بارودۆخی سیاسی ئێران تووشی قەیران بووە و لێرەو لەوێش دەنگۆی ئەوە هەیە ئەمەریکا لەنزیك ماوەدا دەیەوێت ڕژێمی ئێران بگۆڕێت، بۆ قسەو باسکردن لەسەر ئەم تەوەرەو ڕۆڵی پارتە کوردییەکان لەم نێوەندەدا، ئەم دیمانەیەمان ئامادەکرد لەگەڵ (عوسمان جەعفەری) سکرتێری یەکێتی دیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) .



ستیڤان: دیارە ئێوە وەك یەکێتی دیموکراتی کوردستان لەپژاك جیابوونەتەوە، ئایا ئەو فاکتۆرە هەرە گرنگ و ستراکتۆرییانە چی بوون کە ئێوەیان لەپژاك هێنایە دەرەوە؟

عوسمان جەعفەری: هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی فیکریی، جیاوازیی بیرکردنەوەی کاروباری سیاسی و هەندێك مەسەلەی سازمانی و تەشکیلاتی، ئێمە وەك کۆمەڵێك لەبرایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەنێو پەکەکە دابووین و لەکۆنگرەیەکدا لەمانگی ئاداری 2004 (پژاك) مان دروستکرد، لەدوایدا بەهۆی دەستێوەردانی بەردەوامی سەرکردایەتی پەکەکە (کۆنگرەی گەل) نەمانتوانی ئەو هەبوونمانە لەنێو پەکەکە و لەنێو ڕیزەکانی پژاك دا درێژە پێ بدەین.
لەبەرئەوە ئێمە جیابووینەوە بیرکردنەوەیەکی دۆگما کە سەردەمی بەسەرچووە ئیدی ناتوانی وەڵامدەرەوەی ئەوڕۆی کۆمەڵگە و سیاسەت و حیزبایەتی و خەبات و تێکۆشان بێت لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.
بەو شێوەیەی تەنیا خۆمان ببینین و کەسی تر نەبینین و لەچوارچێوەی فکرێکی دۆگم بمێنینەوە و تەنیا بیرکردنەوەمان بیرکردنەوەیەکی تاك بێت و کەسی تر لەناوماندا قبوڵ نەکرێت، خۆمان بەئەڵتەرناتیڤی هەموو کەس بزانین، ئەمە بۆ ئێمە قابیلی قبوڵ نەبوو، ئەمە بەردەوام بەسەر ئێمەدا دەسەپێنرا ئێمەش نەمانتوانی ئەو شتە قبوڵ بکەین.
بۆ هەموو کەسێك ڕوون و ئاشکرایە PKK و پژاك لەڕووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە هەڵەی زۆریان هەبوو، ئێمە ئەو سیاسەتانەمان بەباش نەدەزانی.
دوایش مەسەلەی تەشکیلاتی یان ئەو شێوە مۆدیلەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاردەهات وەڵامدەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو، هەر ئەو مۆدیلە حیزبییەی کە بۆ باکوری کوردستان یان باشوری ڕۆژئاوای کوردستان سازکرابوو هەمان شتیش لەسەر ئێمە فەرز دەکرا، ئێمە ئەمەمان بەلاوە قبوڵ نەبوو چونکە هەر جێگەو پارچەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، دەبێت وەك تایبەتمەندیی خۆی کار سیاسی تیا بکرێت، لەدەرەوەی ئەمانەش کۆمەڵێك شتی تر هەبوون وەك ئەوەی سەرکردایەتی ئێمە سەرکردایەتییەکی خاڵیسی کوردی ئێران نەبوو، لەدەستەی سەرکردایەتی دەتوانم بڵێم لەنیوە زیاتر سەرکردایەتی پژاك لە خەڵکی پارچەکانی تر بوون و هیچ ئاشناییەك و زانستێکی سیاسی تەواویان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو لەبەرئەوە لەزۆر کاریاندا بەهەڵەدا دەچوون، دوایش ئیرادەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆمان بەدەستی خۆمانەوە نەبوو، پژاك بەدەستی لەخۆی سەرتر بوو، ئێمە نەماندەتوانی بەو جۆرە کارو خەبات بکەین کە پێویستی کات و شوێن دەیەوێت بۆیە هەوڵی جیابوونەوەمان دا.

جگە لەوانەش بەگشتی PKK گەیشتبووە قۆناغ و ئاستێك نە ناوچە ئەوی قبوڵ دەکرد نەدنیا ئەوی قبوڵ دەکرد وەك ئەورۆیش هەر بەردەوامە لەسەر ئەو سیاسەتە، لەبەرئەوە ئێمە بە پێویستمان زانی کە خۆمان لەو تەنگژەیەی پەکەکە کەوتۆتە ناوی دەربازبکەین، ئەمەش مانای ئەوە نییە پشت لە کوردایەتی بکەین.

ستیڤان: بارودۆخی سیاسی لەئێراندا بەتەنگژەیەکی خنکێنەردا تێدەپەڕێت، فایلی پیتاندنی یۆرانیۆم یەکێکە لەو فایلانەی کە کێشەی گەورەی ناوەتەوە لەئاستی نێودەوڵەتیدا، پێتوایە چارەنووسی سیاسی ئێران بەکوی دەگات؟ ئایا هەمان سیناریۆی عێراق لەسەر ئێرانیش دووبارە دەبێتەوە یاخود بۆ ئێران ڕێگەو میکانیزمی تر هەیە؟ بەکورتییەکەی چارەنووسی ئێران لەجانتای دەسەڵاتدارانی ئەمەریکی و چەکمەچەی کۆنگرێسدایە من دەپرسم چارەنووسی ئێران بۆ کوی؟

عوسمان جەعفەری: مەسەلەی ئێران شتێك نییە بڵێین چونکە ئەمەریکا هاتۆتە ناوچەکەوە ئیدی ئێران کەوتۆتە تەنگژەوە، مەسەلەی ئێران ئەوەیە رژێمێك هەیە کەبیست و حەوت ساڵ بەسەریدا رۆیشتووە لەسەر بنەمایەکی فکرێکی کۆنەپەرست کە ناتوانێت لە دنیایەکی مۆدێرنی وەك ئەورۆدا ناو و دەنگ و کاریگەریی هەبێت، ئەم سیستەمە وەك زۆر سیستەمی تری دنیا تەمەنی بەسەرهاتووە، هەتا پێموایە ئەگەر ئەمەریکا و مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیۆمیش نەبێت، ئەو رژێمە مێژووی بەسەرچووە و ئێکسپایەر بووە، ئەمرۆ بێت یان بەیانی هەردەبێت لەبەین بچێت، بەڵام ئیدی ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەو میکانیزمانە کە چەندە کاریگەر و بەهێزن لەگۆڕینی کۆماری ئیسلامیدا.

پرۆسەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەش کە هاتۆتە ئاراوە، ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامەو ئیشی خۆی دەکات، ئەم سیستەمانەی کە ئێستا سیستەمگەلێکن کە کاتی سیڤەر و لۆزان، فەرەنساو بەریتانیا سازیانکردوون، ئەمەریکا بی کاریگەریی بووە لەو شتانە، بەڵام ئێستا کە ئەمەریکا بۆتە زلهێزێکی گەورەی دنیا ئەو سیستەمە کۆنانەی پی قبوڵ نییە و دەیەوێت ئەو نەخشانە بگۆڕێت کە ئەو دروستی نەکردوون و لەجێگەیاندا سیستەم و نەخشەی نوی سازبکات.

ئێران بەتەبیعەتی حاڵ گرنگترین بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە، من پێموایە هەموو ئەو رووداوانەی لەعێراق و ئەفغانستان و لوبنان و فەلەستین روودەدەن مەبەستی ئەسڵی لێی ئێرانە، هەتا ئەگەر ساڵی 2001 بەهانەی تاڵبانیش نەبوایە ئەمەریکا بەهانەیەکی تری دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی بێت لای رۆژهەڵاتی ئێران بگرێت، هەتا ئەگەر بەهانەی چەکی کۆکوژیش نەبوایە کە سەدام نەیبوو بەهانەی تری دەدۆزییەوە کەبێت لای رۆژئاوای ئێران بگرێت، زۆر ئۆتۆماتیکیش باشووری ئێران وەك کەنداو، باکوری ئێران وەك ئازەربایێنجان و تورکمانستان ئێستا هەموو پڕن لەپایەگا سەربازییە گەورەکانی ئەمەریکا، ئەگەر تەماشا بکەین لەهەموو لایەکەوە ئێرانیان گەمارۆ داوە.

بۆیە ئەگەر مەسەلەی یۆرانیۆمیش نەبێت گۆڕانکاریی کردن لەسیستەمی ئێران بۆتە زەرورەتێك بۆ ئەمەریکا، بۆیە مەسەلەی چەکی ئەتۆمی و پیتاندنی یۆرانیۆم بووە بەیارمەتیدەرێك کە زووتر مەسەلەکە حەل بکات بۆ روخاندنی رژێمی ئێران، وەلی کۆماری ئیسلامی لە ناوەڕۆکی خۆیدا لەرووی سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە لەرووخاندایە، ئەم مەسەلەیە گۆڕانەکە خێراتر دەکات و بەدڵنیایشەوە ئێران بەرەو رووخان دەچێت.

بەڵام بەو سیناریۆو شێوەیەی کە لەعێراقدا روویدا ئەمە شتگەلێکن کە ناتوانین جەزمی لەسەر بکەین کە وەك عێراق هێرش دەبرێتە سەر ئێران ئەمانە دەبێت داهاتوو روونیان بکاتەوە، بۆیە ناتوانین بڵێین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەهەمان شێوەی عێراق دەبێت چونکە شەرایتی ئێران جیاوازترە و ناگونجێت لەگەڵ عێراق وەك یەکبن.
ستیڤان: لێرەوە تێگەیشتین گۆڕان لەسیستەمی کۆماری ئیسلامیدا حەتمییە، واتە ئەگەر پاساوی پیتاندنی یۆرانیۆمیش لەئارادا نەبێت، ڕژێمی ئێران مۆدیلێکی بەسەرچووە و ناتوانێت بەرگەی دنیای مودێرن بگرێت، مادام وایە لێرەوە ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی دەست پێدەکات، تۆ پێتوایە ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی بەم پەرش و بڵاویی و بێ هێزییەوە دەتوانێت لەئایندەی سیاسی ئێراندا ڕۆڵ بگێرێت بەتایبەتی لەبەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا؟
عوسمان جەعفەری: بەداخەوە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز چ لەناو فارس و ئارەزو بلوچ و تورك و عەرەبەکاندا چ بەتایبەت لەناو کوردەکاندا بوونی نییە، هەتا ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنەکانمان بەهێزبوونایە و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناوخۆدا یەکیانبگرتایەتەوە، پێویست بەتەهدیدی ئەمەریکا و پێویستی بە دەستێوەردانی دەرەکی نەبوو، کاولکاریی و بەدبەختییەك کە بەسەر عێراقدا هات بەسەر ئێراندا نەدەهات ئەگەر فەرز لەسەر ئەوە دابنێین کە دەستێوەردانێکی دەرەکی لەسەر ئێرانیش بکرێت وەك عێراق.
ئێستا ئۆپۆزسیۆنی کوردیی دەبێت بزانێت ئەرکی خۆی ئەرکێکی سیاسییەو دەبێت گوتارەکەشمان گوتارێکی نەتەوەیی بێت، دەبێت ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەئامادەکارییەکی باشدا بێت، بەڵام بەداخەوە دەبینین لاوازییەك کەوتۆتە ئۆپۆزیسۆنی کوردییەوە، جیاوازیی ناوخۆیی لەناو حیزبەکاندا زۆر ڕوون و بەرجەستە و زەق بووەتەوە کە زۆر کێشەی گرنگ فەرامۆشکراون.
بەداخەوە ئەو هێزەی کە دەبێت خەرجی گۆڕینی ڕژێم بکرێت بەداخەوە ئەمڕۆ لەناو حیزبەکاندا سەرفی کێشە ناوخۆییەکان دەکرێت و هەندێك کێشە و مەسائیل لەناو حیزبەکاندا هەن ناهێڵن ئەو هێزە سەرفی ئەو خەباتە بکرێت.
لەبەرئەوە هێزە کوردییەکان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێماون، تەماشای ساڵی 2003 – 2004 دەکەین گەرموگوڕییەکی باش کەوتبووە ناو حیزبە کوردییەکانەوە و بزووتنەوەیەکی گەرم هەبوو بەڵام ئێستا هێدی هێدی ئەو گەرمییە نامێنێت، ئەوڕۆکە زۆرێك لەحیزبەکانی ڕۆژهەڵات خاوەنی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆنن، بەداخەوە کەڵکیان لێوەرنەگرتووە بۆ سازماندانی خەڵك، هەموو تەلەفزیۆنە کوردییەکان کۆبکەرەوە بەئەندازەیی یەك سەعات دەنگی ئەمەریکا کە پرۆگرامی هەیە بۆ سەر ئێران کەیفییەتیان نییە.
لەبەرئەوە من هێزو ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەئامادە نازانم، ئەگەریش ئەو میکانیزمە دەرەکیانە هەن بۆ گۆڕینی ئێران بەبۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەڵتەرناتیڤی سیاسی بۆ سبەینێی سیاسەتی ئێران بەتایبەت لە کوردستاندا، بۆیە دەبینین حیزبە کوردییەکان بەهەند وەرناگیرێن لەلایەنی دەرەوە و بەساردیی تەماشایان لێدەکەن، چونکە ئەو هێزەی کە جاران هەبوو ئەمڕۆ بەهۆی کێشەی ناوخۆییەوە نەماوە.
ستیڤان: لەباشووری کوردستان لەلاوازیی و گەندەڵی پارتی و یەکێتیدا، بزوتنەوە ئیسلامییەکان وەك ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی کارا خۆیان خستەڕوو و وەك هێزی سێهەم دەرکەوتن و خەونی زیاتریشیان هەیە. پێتوانییە ئەو بۆشاییەی لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئەمڕوو ئایندەدا دروست بووە و دروست دەبێت پانتاییەکی باش دەرەخسێنێ بۆ حیزبەکانی تر کە خاوەنی دیدێکی ناسیۆنالیستی نین و دۆزی گەلی کورد بەهیچ جۆرێك لەرۆژەڤیاندا نییە؟ ئایا پێتوانییە هێزی تر دێت کۆنترۆڵی جموجۆڵی سیاسی دەکات لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەبێ ڕەچاوکردنی دۆزی نەتەوەیی کورد؟
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

1-5-2007 22:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عوسمان جەعفەری: پرسیارەکەتان بەجێیە، بەڕاستی وایە، ئەو تەسەورو تەوەقوعەی خەڵك بەتایبەت توێژی ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی هەیانە لەدەرەوەی وڵات هێواش هێواش بەرەو ساردبوونەوە دەچێت، بۆچی؟

چونکە لەناوخۆ بەرەی موتەحیدی کوردو و بەرەی ریفۆرمخوازیی کورد سازبووە، لەنێو خۆجەرایانانی ئیسلامی هەروەك ئێرە (باشووری کوردستان) لەوێش بەهێزن، ئێمە دەبێت خۆمان لەوانە غافڵ نەکەین.
واقیعیەتێك هەیە لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا دوو جەرەیانی بەهێزی ئیسلامی کاردەکەن، ئێستا قبوڵمان بێت یان نا، ئەوانە لەدەرەوە هێزیان هەبێت یان نەیانبێت، لەناوخۆ خاوەنی هێزی گەورەن و جەماوەرێکی زۆریان هەیە و بەجیدیی کاردەکەن و توانیویانە جێگەو ڕێگەی خۆیان بکەنەوە و زۆرێك لەخوێندکاران و رۆشنبیران و جەماوەری خەڵك بەگشتی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.
ئەگەر بێتوو ئەم حیزبانەی ئێستا ئەڵتەرناتیف نەبن و وەڵامدەرەوەی خەڵك نەبن، ئەوە ساحەکە دەکەوێتە دەستی غەیری ئۆپۆزیسیۆنێك کە ساڵەهای ساڵە خوێن دەدات و خەبات دەکات و دووچاری دەیان کێشە و ناڕەحەتی بووە لەمێژووی دەستپێکردنییەوە تا ڕۆژی ئەورۆ.
بۆیە داوا دەکەین لە هەموو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی سیاسی دیموکراتیك و هەوڵبدەن کە نەهێڵرێت ساحەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبیروباوەڕێکی نەتەوەییەوە وەرچەرخێت بۆ بیروباوەڕێکی تر کە ئایندەی کورد دەخاتە مەترسییەوە لەو پارچەیەی کوردستاندا.

Shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.